# وەڵامێک بۆ بەرێز عبدالرحمن باوەگۆرگۆ ری ... ئازاد کەرکوکی

بەرێز كاك عبدالرحمن ئەو نوسینەی بەرێزت لە كوردستان پۆست بڵاوت كردەوە پیشەكی نازانم بۆ وەك نوسینەكانی تر لە كوردستان نێت بڵاوت نەكردوتەوە من چوار بەشەكەی بەریزتم خویندەوە بەراستی ناوەكەی لەگەل ناوەروكەكەی زۆر جیاواز بۆ (چی بكەین بۆ كەركوك) بەڵام هەمو نوسینەكانت هیچ مانای تیدا نەبۆ نۆی بێت وە هیچی تیدا نەبۆ بۆ كەركوك لە سەرەتاوە زانیم دەتەوەی بەشان و باڵی دەسەلاتداران هەڵبدەێت یەك شت وای لیكردم موتابەعەی نوسینەكانت بكەم ئەویش وشەی باوە گۆرگور چونكە كەركوكی تەواو دەڵیت باوە گۆرگور نەك بابە گۆرگور من نازانم مەبەستت كییە لەو وولامەی پۆست بەڵام بەبی ئاگا دژی زۆر كەس قسان دەكەێت ئەو خەڵكانەی لە لاپەرە ئازادەكان دەنوسن بە فس فس پالەوان ناویان دەبەیت گوایە قسە بە حكومەتی هەریم وسەركردایەتی دەكەن پێت وایە بەرێزت لەو هەمۆ خەڵكە دڵسوزتری بۆ ئەوان كەچی ئەوانەی بەرێزت دیفاعیان لێدەكەیت خۆیان ناتوانن دیفاع لە خۆیان بكەن چونكە دەزانن ئەوەی لەو لاپەرە تا رادەیەك ئازادن لەسەریان دەنوسن بەریزت نوسیوتە دەلێت هەندی نوسەری مشەخۆر لە ئەورۆپا پاڵیان داوەتەوە لە سایەی سوشیال شەویك بە هەمۆ كورد ناگورنەوە ئاگایان لە خەڵكی رەش و رۆتی كوردستان نیە بەریز پیت وایە هەمۆ ئەوانەی لە ئەورۆپا دەژین لەسەر سوشیالن ئەی دەزانی ئەوانەی بەریزت دیفاعیان لێ دەكەیت رۆژیك لە رۆژان بەزوری لەسەر ئەو سوشیالە دەژیان ئیستاكە سەركردەی من و توون ئەی بۆ باسی ئەوە ناكەیت ئەوانە ئیستاكەش ماڵ و منداڵیان لە ئەورۆپایە لە كوردستانەوە بە جانتا پارەیان بۆ دیت ئەو خەڵكەی بەرێزت دژیان قسان دەكەیت لە دەمی خویان دەگرنەوە بۆ كەسو كاریان ئەگەر بتوانن مانگی پەنجا تا سەد دولاریك دەنیرنەوە، بۆ ئەو هەمو خەڵكە بەریزەی ئەورۆپا بە سفری پاش فاریزە باس دەكەیت خۆ ئەو دەسەلڵاتەی دیفاعیان لێ دەكەی وەك بەریزت تەماشای میلەت دەكەن بۆیە ئەو هەمو رەش و رۆتەی بەریزت باسی دەكەیت لە كوردستاندا هەیە پێت وایە ئەوانەی ئەورۆپا خەڵكی چەواشە دەكەن نازانم بەریزت لە كام ئەستیرە دەژێت لە بیرت چووە ئەوانەی ئیستا لە ئەورۆپان بەزۆری لەو خەڵكە شورشگیرۆ خەباتگیرانەن كە ئەم رۆژەیان هینایە بەرهەم بەڵام تەحەمولی ئەو هەمۆ كەم كورتیانەیان نەكردووە سەرژمیریك بكە زۆرترین خەڵكی دەرەوە لەو ساڵانە وە هاتنە دەرەوە كە كورد كوردی دەكوشت برا كوژیان پێ قەبۆل ناكرا برا باسی دابەزین و بەرزی دولار دەكەێت ئەگەر بی ئاگای با بە ئاگات بهینمەوە بازاری دولار بە دەستی سەركردەكانەوەیە سەركردەیەك لە یەك دابەزین دە هەزار دولاری زەرەری كرد لە بازاری دولارەكەی سلیمانی نیو ملیون دولاری لە بازارەكە كرییەوە لە بازار دولاری كەم كردەوە لە بازار پاشان دولارەكەی خستەوە بازار پەنجا هەزار دولاری قازانج كرد پیت وایە ئەوەی راستیەكان باس بكات دژی ئەم دوو حكومەتەیە وەك خوت دەڵییت حكومەتی شورش زادە بە كام یاسا خەڵكی شورشگیر دەبێتە ملیونیر لە كۆی بۆ خەڵكی شورش زادە ئیستاكە بۆتە داینەسورو هەمو شت قوت دەدا ئاگات لە ئاوارەكان كەركوك هەیە باوە گۆر گۆر لە ناو شارەكەی خۆیان ئاوارەن دەزانی چەند لە منداڵانی ئاوارە نەخوینەوارن دەزانی چەند جۆرە نەخۆشی كەوتوتە ناویان چی بۆ ئاوارە ئەنفال كراوە دەزانی ئەوانەی تۆ دیفاعیان لێدەكەیت لە كەركوك سەركردەن قێزیان دیتەوە سەردانی ناو ئاوارەكان بكەن وە ماڵ و منداڵیان ناهیننەوە ناو كەركوك دەزانی هەر ئەوان چەند سوكایەتی بە خەڵكی كەركوكەوە

دەکەن بەراستی من نازانم بەریزت چیت وە کێ بەڵام دیارە بە دەرویشەکانی کەرکوکی دەچیت بۆیە ئەوانەی کەرکوك دەتوانن سەرکردە بن بەراستی بەریزت شەلم کویم ناپاریزم کەوتویتەتە سەر خەڵك بە یەك ووشە باسی گەندەڵیت نەکردووە ئەمەیان دەرویشییە یان دڵسوزیە برا هیوادارم بەریزت بە رق و کینەوە نەنوسی وە بزانیت چی بۆ کەرکوك بکەین با مانای نوسینەکەت لە گەل ناوەرەکدا یەك بێ (ئازاد کەرکوکی)